زانكۆی سلاحەددین – هەولێر
Salahadin University – Erbil

# (گیرەكە وشە دارێژەكان لە شیعرەكانی هێمن دا ، دیوانی(نالەی جودایی) بە نموونە)

پرۆژەی دەرچوون

پێشكەش بە بەشی (كوردی) كراوە، وەک بەشێک لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی كوردی

**ئامادەكردنی:-**

**ڕۆشنا محمد حسن**

**بەسەرپەرشتی:-**

**م. تریفە محسن أحمد**

2724 كوردی 2024 زایینی

## سوپاس و پێزانین:

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان سوپاس و ستایش بۆ ئەو خودایەی کە باڵا دەستە بە سەر هەموو شتێکدا. توانای پێداین بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە تاکو بتوانین سوودێک بەخۆمان و دەوروبەرمان بگەیەنین سەرکەوتوو بین لەو قۆناغە. سوپاسی مامۆستا (تریفە موحسین ئەحمەد) دەکەین کە ئەرکی سەرپەرشتی کردن و یارمەتی دانی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆ. زۆر سوپاسی خێزانەکانمان دەکەین کە هاوکارمان بوون بۆ گەیشتن بەم قۆناغە. سوپاسی هەر کەسێک دەکەین کە بە وشەیەک یارمەتیی ئێمەی داوە لە دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە.

**پێشکەشە بە :-**

* پێشکەشە بە مامۆستای سەرپەرشت (تریفە موحسین ئەحمەد)

* پێشکەشە بە ئەندامانی خێزانەکەم بە تایبەت (دایک و باوک) ی خۆشەویستم کە پاڵپشتم بوون لە ماوەی خوێندنم.

* پێشکەش بە هەموو مامۆستا و قوتابیان و هاوڕێیانم لە بەشی زمانی کوردی.

## ناوەڕۆک :

پێشەکی........................................................ (1)

بەشی یەکەم :

چەمک و زاراوەی گیرەک........................................ (2)

جۆرەکانی گیرەک................................................. (3)

گیرەکی وشە دارێژ............................................... (4)

تایبەتیەکانی وشە دارێژەکان.................................. (4)

جۆرەکانی گیرەکە وشە دارێژەکان.............................. (8)

لە ڕووی شوێنەوە................................................ (8)

لە ڕووی واتاوە................................................... (15)

بەشی دووەم :

هێمن موکریانی................................................... (16)

لیستی سەرچاوەکان.............................................. (21)

## پێشەکی:

ئەم باسە بە ناونیشانی (مۆرفیمە وشە داڕێژەکان لە شیعرەکانی هێمندا – دیوانی ناڵەی جودایی بە نموونە) ـەیە.

ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە بەپێی ڕێبازی وەسفی – شیکاری ئەنجامدراوە.

هۆی هەڵبژاردنی:

هۆی هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە دەگەڕێتەوە بۆ گرینگی بابەتی مۆرفیمەکان لە زمانی کوردی و بەتایبەتی مۆرفیمە وشە گۆڕەکان. هەروەها پراکتیزەکردنی ئەم بابەتەی ڕێزمان لە دیوانە شیعرێکدا گرینگی و پەیوەستی ڕەنگدانەوەی ڕۆڵی زمان و ئەدەبی کوردی بەیەکەوە دەردەخات.

سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنوری ئەم لێکۆڵینەوەیە لە شیعرەکانی (هێمن) ـە. بە تایبەتی دیوانی ناڵەی جودایی، بە مەبەستی دەرخستنی ژمارە و بەکارهێنانی مۆرفیمەکان بە گشتی و مۆرفیمە وشە داڕێژەکان بە تایبەتی. لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا،

بەشێوەی تیۆری پێناسەی مۆرفیم و جۆرەکانی مۆرفیم و گرینگی و تایبەتیەکانی مۆرفیمە وشە داڕێژەکان خراوەتە ڕوو ، لە بەشی دووەمدا بەشێوەیەکی کارەکی ژمارە و جۆری مۆرفیمەکانی ناو شیعرەکانی دیوانی ناڵەی جودایی خراوەتە ڕوو، بەپێی جۆری مۆرفیمەکان لە خشتەی تایبەت خراوەتە ڕوو. لێکۆڵینەوەکە بەچەند ئەنجامێک و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە.

# " بەشی یەکەم "

**چەمک و زاراوەی گیرەک:**

Affix, bound morpheme

**مۆرفیمی بەند ، مۆرفیمی ئافیسکی**

**ئافێکس لە وشەی (affix us) ی لاتینیەوە وەرگیراوە کە بە مانای ( گیر ، چەسپاو ، لکاو ، نووساو ،..........) دێت. (مارف ، 2004 ، 330) ،کە بەو پێشگر ناوەندگر و پاشگرانە دەوترێ کە بەسترابن بە مۆرفیمێک یان چەند مۆرفیمێک.**

**زاراوەی گیرەکی** Affix:

**گیرەک (ئەو مۆرفیمە بەندەیە کە بە شێوەی سەربەست دەرناکەوێت و بە تەنیا واتا نابەخشێت. بەڵکوو بە جۆرەکانی تری مۆرفیمەوە (ڕەگ ، قەد ، بناغە (بنج)ـەوە بەندەو لەگەڵ ئەواندا بە کاردەهێنرێت. (محمد ، 2019 ، 72). کە دەکرێت بە سێ جۆر گیرەک لە ڕووی شوێنەوە کە پێشگر و ناوەندگر و پاشگرە. شوێنی تایبەت و دیاریکراوی خۆیان هەیە گیرەک ئەو پێشگر و ناوگر و پاشگرانە دەگرێتەوە سەر بە ئاستی وشەسازین و لە داڕێژتن و پێکهاتنی وشەی داڕێژراو و لێکدراو بەشداری دەکەن. دەبنە بەشێک لە وشە پێکهاتووەکە و گۆڕان بە سەر ڕەگی وشە دەهێنێت. (شوانیی ، 2001 ، 220).**

**گیرەک بە پێی ئەرک دابەشکرێت بۆ سەر دوو جۆر (گیرەکی داڕشتن و گیرەکی ڕێزمانی) لێرەدا ئێمە باسی گیرەکی داڕشتن وشە داڕێژ دەکەین. گیرەکەکان بەشداری دەکەن لە پرۆسەی داڕێشتنی وشەدا بە تایبەتی پێشگر و پاشگرەکان. لە زمانی کوردیدا ژمارەیەکی زۆر پێشگر و پاشگرمان هەیە کە بەشداری دەکەن لە دروستکردنی وشەی نوێدا.**

**(محمد أمین ، 2023 ، 12) ،ئەم مۆرفیمە بەندانە بە شێوەی سەربەخۆ نایەن و پێویستی بە جۆرەکانی تری مۆرفیمە بۆ گەیاندنی مەبەستی ئەم مۆرفیمە بەندانە.**

## جۆرەکانی گیرەک :

گیرەک ئەو پێشگر و پاشگرانەی کە دەکەوێتە سەر مۆرفیمێکی سەربەخۆ. هەریەک لەو گیرەکانە مۆرفیمێکی بەندن و بۆ جێ بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی ڕێزمانی دروستکردنی وشەی نوێ لە فەرهەنگدا بەکاردێن. کە هەریەکەیان لە سینتاکس مۆرفۆلۆزیدا ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە. (محمد ئەمین ، 2023 ،12). مۆرفیمە بەندەکان دەکرێت بە دوو جۆر. ئەوانیش گیرەکی وشە دارێژ و گیرەکی ڕێزمانی. گیرەکی ڕێزمانی حاڵەتێکی ڕێزمانی دەبەخشێت بەڵام گیرەکی دارِشتن وشەی نوێی لێ بەرهەم دێت.

گیرەکی وشە دارێژ و گیرەکی ڕێزمانی بەپێی ئەرک و واتاکانیان دابەش کراون. واتە هەموو گیرەکەکان بەندن. گیرەکەکان دەچنە سەر مۆرفیم و وشەکان پێوەیان دەنووسێن. لە هەر جۆرێکن لە شێوەی مۆرفیمی بەنددا لە زمانەکەدا، تاوەکو بەڕەگ و بنکەی ترەوە نەلکێت و واتای ئەرکی تەواو بە دەستەوە نادات. (حەمەد عەبدوڵلا ، 2017 ، 685). واتا گیرەکەکان بە سەر بەخۆ واتا نادەن بە دەستەوە بە ڕەگ و وشە و بنکەکان دەلکێن واتای نوێ بە وشەکە دەبەخشێت. ڕەگ و بنکە بە تەنیاش پێویستی بەردەوامی زمان پڕ ناکاتەوە و بەردەوام وشەی نوێ دێتە ناو فەرهەنگ بە یارمەتی گیرەکەکان.

مۆرفیمی ڕێزمانی مۆرفیمێکە لە ئاستی وشەسازی ئەرک دەبینێت دەچێتە سەر وشە واتا بەشی ئاخاوتن. ناگۆڕێن ژمارەیان لە زماندا زۆر نییە و پێیان دەوترێ مۆرفێمی ئەرکی یا گەردانی. (شوانی ، 2011 ، 90). واتای ناگۆڕێت وەکوو کچەکە کە (ەکە) ـی دەچێتە سەر وشەی کچ و دەیکات بە ناسراوی.

گیرەکی ڕێزمانی لەم جۆرە گیرەکەدا لەگەڵ هەندێ وشە مامەڵە دەکەین کە لە وشەسازی و گەردانکردندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ڕێزمانەوە یان ئەرکی ڕێزمانییان هەیە. واتا بە پێی یاسای ڕێزمانی شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت و لە چوارچێوەی ئەو یاسایە دەچەسپێت (محمد ئەمین ، 2023 ، 17) گیرەکانیش وەکو نیشانەی ناسراوی ، نەناسراوی ، مۆرفیمی بەردەوامی کات، کۆ ، ئامرازی بەستنەوە ، پاشکۆی ئامرازە پەیوەندییەکانی وەک (بۆ، بە ، لە) ئامرازی بانگکردن. ڕاناوی لکاو و ئامرازی خستنە سەر.

## گیرەکی وشە داڕێژ (داڕشتن) : derivational Affixes

ئەم جۆرە گیرەکەیە کە لە زماندا دەبێتە هۆی داڕشتنی وشەی نوێ، یان مۆرفیمی داڕشتن گیرەکێکە (زیادەیەکە) بۆ داڕشتن و پێکهاتنی وشە بە کار دێت کاتێک کە دەچێتە سەر ڕەگ و قەد و بنج و بناغە (محمد ئەمین ، 2023 ، 18) کەواتە هەر یەکە لە گیرەکانی وشە داڕێژ دەبێتە پێکهێنەری وشەی تازە و فۆرمی تازە و جیاواز لە وشەکان دەنوێنێ.

گیرەکی فەرهەنگی بە تەنیا واتا نابەخشێت و بەکارناهێنرێت، بەڵکو پێویستی بە مۆرفیمێکی سەربەخۆ هەیە. بۆ ئەوەی واتاکەی دەربکەوێت هەندێک زمانەوانان بە مۆرفیمی (مۆرفۆلۆژی) ناوی دەبەن و بەم جۆرە پێناسەی دەکەن: ئەم مۆرفیمەیە دەچێتە سەر مۆرفیمیتر بۆ دروستکردنی وشەی نوێی خاوەن واتای نوێ. (محمد 2016 ، 6) ئەم جۆرە مۆرفیمانە بەکارهێنانیان بە جۆرێکە کە لە دەستوور بەدەرە، واتا ناتوانرێ بۆ هەموو وشەیەک بەکاربهێنرێت. بۆ نموونە (ایەتی) مۆرفیمێکی بەندی وشەداڕێژە دەتوانین بڵێین (دایکایەتی) و دروستە بەڵام ناتوانین بڵێین (کچایەتی) لە دەستوور بەدەرە و ناتوانرێت لەگەڵ ئەم وشەیە بەکار بهێنرێت.

سنووردانان لە نێوان گیرەکی ڕێزمانی و گیرەکی داڕشتن کارێکی وا ئاسان نییە، تەنانەت زانا و شارەزا کۆنەکانی زمان هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان ئەم دوو جۆرە گیرەکەیان نەدەکردن و بە شێوەیەکی گشتی وشەیان بە بچووکترین دانەی ڕێزمانی دادەنا. زمانەوانە کوردەکانیش هەر لەسەر ئەم ڕێچکەیە دەڕۆیشتن و هەر دانیان بە بوونی گیرەکی داڕشتن داناوە و هەر ئەرک و توانای ئەم گیرەکەیان لێک داوەتەوە. (محمد ، 2019 ، 73) زیادکردنی ئەو کەرستە نابنەڕەتیانە بۆ کەرەستە بنەڕەتییەکە بەمەش گۆڕانێکی تیادا ڕوو دەدات لە واتاکەی. وشەی (ئاسن) بە مانای ئەو تەنە دێت کە لەبەر دەستمان هەیە بەڵام کاتێک گیرەکی (گەر) ی بۆ زیاد دەکەین دەبێت بە (ئاسنگەر) کە لێرەدا واتاکە دەگۆڕێت بۆ پیشەکە.

تایبەتیەکانی وشە داڕێژەکان :-

1- گیرەکی وشەداڕێژ گیرەکێکی پۆل گۆڕ و شێوەگۆڕیشن،ئەمانە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانین. واتا بەشە ئاخاوتن و جۆری وشە دەگۆڕن وەک، لە ناوەوە بۆ ئاوەڵناو یان جۆری ناو یان وشەی دەگۆڕن. (محمد ئەمین ، 2023 ، 29) کەواتە بە هۆی گیرەکەکان

دەشێ پۆلی وشە گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆ نموونە: وشەی (زێڕ) کە ناوە گیرەکی (ین) ی بچێتە سەر دەبێت بە (زێڕین) کە لێرەدا دەبێت بە ئاوەڵناو.

2– هەندێک لە گیرەکی وشە داڕێژ بە دوو جۆر دەردەکەون، واتا هەمان گیرەک دەبێتە ئەلۆمۆرفی وشەسازی و ئەلۆمۆرفی ڕێزمانی. وەک: ئەو گیرەکانەی بۆ بچووکردنەوەی ناون لە هەمانکاتدا وشەی نوێ دروست دەکەن. (شوانی ، 2011 ، 89) بۆ نموونە:

(ا ن) : گیرەکێکە بە دوو جۆر دەردەکەوێت ئەوانیش :

وەک پۆلگۆڕ و پاشگر: ڕێزان ، سامان ، دیلان.

وەک نیشانەی کۆ: ئێواران ، گوڵان.

پاشگری (ەوە) گیرەکێکە بە دوو جۆر دەردەکەوێت ئەوانیش:

بۆ دووبارەکردنەوە : هاتمەوە : (بە واتای دووبارە هاتنەوە دێت)

بۆ داڕشتنی وشە : بردمەوە : (بە واتای سەرکەوتن دێت)

3– داڕشتن زیاتر ئەلۆمۆرفی بنج دێنێتە کایەوە. ئەلۆمۆرفی بنجیش تا ڕادەیەک تایبەتمەندییەکی ڕێژەییە. دەتوانرێت لەگەڵ ئەم ڕەگانەدا بە دەر بکەوێت کە ئەلۆمۆرفیی لە لێکسیمە داڕێژتنەکاندا نیشان دەدەن. بەڵام کە لە فۆڕمە گەردنکراوەکاندا ئەم تایبەتمەندییە لە زمانی کوردیدا نەک هەر ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت، بەڵکو زۆر جار بە پێچەوانەشی نیشان دەدات. لەبەر ئەوەی ئەگەر زۆر بە دەگمەن نەبێت ڕەگی کوردی هیچ جۆرە ئەلۆمۆرفیەک لە داڕشتندا دروست ناکات، بەڵام لەوانەیە بەشێکی زۆری ڕەگی کوردی لە کاتی گەردانکردندا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەسەردابێت. (محمد ، 2019 ، 90 ، 89) بۆ نموونە : لەوشەی (هاتن) کاتێک دەیکەین بە شێوەی گەردانکراو دەبێت بە (دێم) بەڵام لە داڕێژراوی دەبێت بە (ڕاهاتن).

4– لە دوای گیرەکی وشە داڕێژەکان گیرەکی ڕێزمانی دێت بەڵام بە پێچەوانە و گونجاو نییە بوار نادرێت. (محێدین ، 2013 ، 40) واتا لێرەدا گیرەکی وشە داڕێژتن زیاتر لە ڕەگ نزیک دەبێتەوە و ئەوەی لە دوای دێتن گیرەکی ڕێزمانین. گیرەکی ڕێزمانی لە ڕەگ دوور دەکەوێتەوە کۆتاییەکی داخراو بەجێ دەهێڵێت. بۆ نموونە:

– ئەنگوستیلەکە ⟵ ئەنگوست: ڕەگ + یلە (داڕشتن) + (ەکە) (گەردانی)

– هونەرمەندەکان ⟵ هونەر (ڕەگ) + مەند (داڕشتن) + ەک (گەردانی) + ان (گەردانی)

5– هەر گیرەکێکی وشەدارێژ پێویستە لە نموونەیەک وشە زیاتر دروست بکات. ئەگەر وانەبێت بە گیرەکی وشە دارێژ داناندرێت و دەبێت بە گیرەکی ڕێزمانی لەوانەشە گیرەکی وا هەبێ بەڵام بە گەڕان و پشکنین ئیتر دەدۆزرێتەوە.

(محمد ئەمین ، 2023 ، 30) واتا لە گیرەکی داڕشتن زیاتر لە نموونەیەک بە دەستمان دەگات. وەک : لە گیرەکی (مەند) : بیرمەند – هونەرمەند – شەرەفمەند – تایبەتمەند – سوودمەند.

6– زیاتر لە گیرەکێک لە سەرەتا و کۆتایی وشە دەردەکەون. بەڵام یەک ناوەندگیر لە ناوەڕاستی دوو وشە یا دوو مۆرفیمەوە دەردەکەوێت. ئەوانەش وشە لۆی خاکەن. مەودا دەدەن بە هاتنی گیرەکی تر. (شوانی ، 2011 ، 87).

بۆ نموونە : پێداکەوتن زیاتر لە گیرەکێک لە پێش وشەکە هاتووە. گیرەکی یەکەم (پێ) و گیرەکی دووەم(دا) بەڵام ناوەندگیری تەنیا یەک دانە لە ناوەڕاست دێت وەک (گوڵەگەنم).

7– گیرەکی وشە دارێژ یان داڕشتن پێویستی بە کۆن تێکستیکی ڕێزمانی نییە کە تێیدا بەدەر بکەوێت. بە واتایەکی تر بەکارهێنانەکەی لە لایەن ڕێزمانەوە دیاری ناکرێت. واتە ئەم جۆرە لاگرانە بۆ سینتاکس گرینگ نین. (محمد ، 2019 ، 81) کەواتە گیرەکی وشەدارێژ بە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانییە. گیرەکی وشەدارێژ زیاتر لە واتای وشە لێکۆڵینەوە دەکات و داڕشتنی گرینگە و لە ئاستی وشەسازی دەوری هەیە. بەڵام گیرەکی ڕێزمانی ئەرکی ڕێزمانی دەردەبڕێت و بۆ سێنتاکس گرنگە.

8– گیرەکی وشە دارێژ نارێک و پێکی نیشان دەدەن. واتا گیرەکەکان هەستیارن لە هەڵبژاردنی بنکەی گونجاو. بۆ نموونە گیرەکی (وان) کە وشە دارێژ بنگەی (گرد) هەڵنابژێرێ بۆ پێوەلکانی. لە لایەکی تر گیرەکی ڕێزمانی کۆمەڵە یان گرووپ هەڵدەبژێرێ. بۆ نموونە دەم گرووپی کار أ هەڵدەبژێرێ و ڕێک گروپی ناو هەڵدەبژێرێ یان فرێری نادی.

بەڵام گیرەکی وشە دارێژ لەناو گرووپەکان دەستەیەکی تایبەت هەڵدەبژێرێ نەک هەموو گرووپەکە. بۆ نموونە : (دۆلکە ، قاپ ، پیاڵە ، بەرداخ) ئەو گیرەکانەی کە شیاوی وەرگرتن نین وەری ناگرێ هۆکارێکی لۆجیکی نیە بەڵکو ناوێزەی فۆنۆلۆجی بەسەریاندا سەپاوە.

9– چ لە ڕووی ژمارەیی مۆرفیمەکان و چ لە ڕووی پێکهاتەی دەنگی گیرەکەکانەوە، گیرەکی وشەداڕێژ زیاترن لە زۆربەی جارەکاندا وە بەراوردکردنی لەگەڵ گیرەکە ڕێزمانییەکاندا. (محمد ئەمین ، 2023 ، 31) کەواتە گیرەکی وشەداڕێژ لە ڕووی بوونەوە ژمارەیان زۆرترە لە زمانی کوردی بە پێچەوانەی گیرەکی ڕێزمانی کە ژمارەیان کەمترە.

10– ئەو گیرەکانەی دەچنە ناو پێکهاتەی وشەوە دەبنە بەشێک لە وشەکە و ڕستەیەکی فەرهەنگی نوێ پێک دەهێنن. وەک یەکەی زمانەوانی سەیر دەکرێت. ئەگەر سەیری

پێکهاتەی وشەکە بکرێت پارچەکانی لێکبدرێتەوە و دیاری بکرێت،وەک گیرەکی ڕێزمانی نین کە بچنە سەر وشە و هەریەکەی وەکوو کەرەستەیەکی دیار و ئەرکی خۆی هەیە. (شوانی ، 2011 ، 88) بۆ نموونە (چوو) بە واتایەک دێت بەڵام کاتێ پێشگری (هەڵ) ی بۆ زیاد دەکرێ دەبێتە (هەڵچوو) کە ئەمەش وشەیەکی نوێیە و واتایەکی نوێی هەیە.

# " جۆرەکانی گیرەکی وشە دارێژەکان "

## لە ڕووی شوێنەوە

أ – پێشگر          prefixus :–

دەکەونە پێش بناغە و وشەی نوێ پێک دەهێنن بە واتای نوێوە. وەک : (هەڵ – دا – ڕا – بە – بێ – نە – نا – لێ).

(محمد ، 2016 ، 17) بۆ نموونە پێشگری (هەڵ) کە بە وشەی (دان) بلکێت دەبێت بە (هەڵدان) بەو هۆی ئەو پێشگرە واتایەکی نوێ هاتەکەیەوە بۆ وشەکە.

پێشگرەکان دوو جۆرن

1– پێشگری سادە :

( دا ، ڕا ، هەڵ ، ڕۆ ، وەر ، ڕێ ، پێ ، تێ ، وێ ، لێ ، ڤە). (محمد امین ، 2023 ، 50).

1– (دا) وەک : داخستن ، داماڵین .........هتد

2– (ڕا) وەک : ڕاکردن ، ڕاگرتن ............هتد

3– (هەڵ) وەک : هەڵگرتن ، هەڵهاتن ..........هتد

4– (ڕۆ) وەک : ڕۆچون ، ڕێ کردن ...........هتد

5– (وەر) وەک : وەرگرتن ، وەرگەڕان ............هتد

6– (ڕێ) وەک : ڕێ کەوت ، ڕێخستن ...........هتد

7– (پێ) وەک : پێ دان ، پێ کەوتن ............هتد

8– (تێ) وەک : تێ خستن ، تێ کردن ............هتد

9– (لێ) وەک : لێچوون ، لێدان .............هتد

10– (ڤە) وەک : ڤەکرین ، ڤەلێنان ...........هتد

2– پێشگر ناسادە:–

ئەوانیش دوو جۆرن

أ – ئەوانەی لە ئەنجامی تێکەڵ بوونی پێشگری (پێ ، لێ ، تێ) کە پێشگری ڕێزمانین لەگەڵ پۆستپۆزیشنی (دا ، ڕا ،وە) دا دروست بوون. (محمد ئەمین ، 2023 ، 51) وەک :

پێ + دا ⟵ پێداکەوتن

پێ + ڕا ⟵ پێڕاگەیاندن

پێ + وە ⟵ پێوەکردن

لێ + ڕا ⟵ لێڕاخستن

تێ + ڕا ⟵ چوون

تێ + وە ⟵ تێوەکردن

ب – ئەو پێشگرە ناسادانەی کە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی پۆستپۆزشنی (دە ، با ، لە ، وە ، ڕا) لەگەڵ ژمارەی (پێک ، یەک) پەیدا بوون. (محمد ئەمین ، 2023 ،51) وەک:–

پێ + ک ⟵ پێکچوون — وێ + ک ⟵ وێکچوون

تێ + ک ⟵ تێکچوون — ڕێ + ک ⟵ ڕێکردن

لێ + ک ⟵ لێکگەیشتن

ب – ناوەندگیر (interfix) :–

هەر کە دوو پەیڤان یان پەیڤەکێ و گیرەکێکی یان پتر پێک ڤە گرێ بدەت دبێژێ ناڤبەند interfix کوب دەورێ پێکڤە گرێدان یان خۆشخوانییێی ڕادبت. (عومەر ، 2005 ، 7)

ئەم گیرەکانەیە بە زۆری لە بنچینەدا ئامرازی پەیوەندین، بەڵام لە ئاستی وشەسازی دا دەوری بەستنەوەی دوو مۆرفی سەربەخۆ بە یەکترەوە دەبینێ و وشەیەکی نوێی لێوە پێکدەهێنین. بە زۆری وشەی لێکدراو دروست دەکەن لەمانە (شوانی ، 2011 ، 77) بۆ نموونە (گەرما و گەرم) ناوەندگیری (او) هەردوو وشەی گەرمی لێکداوە.

ب– گیرەکی ناوگر (infix):–

ئەو گیرەکەیە کە ڕەگ دەسمێ و دەچێتە ناو ڕەگ. بە بڕوای دکتۆر (محەممەد مەعرووف فەتاح و دکتۆر وریا عومەر ئەمین) بوونی نییە چونکە یەکەم واتای نییە ئەرکی نێو بەتاڵە و وجوودی نییە. دووەم دووبارە نەبووەتەوە واتا لە شوێنی دیکەش دەرناکەوێت و پێشبینی ناکرێت بە یاسا. بە ڕای توێژەریش ناوگر لە زمانی کوردی مۆرفیمێکی بەتاڵە کە ڕەگ و قەد و بنج و فراوان دەکات و ئامادەی دەکات بۆ وەرگرتنی گیرەکە. لە کوردی تەنیا گۆڕینی دەنگە و پەیوەندی مۆرفۆفۆنیمی.

ناوەندگر مۆرفیمێکی بەندی وشە دروستکەرە. کە بەشداری لە پێکهاتەی وشەی لێکدراو دەکەن. واتا لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمە سەربەخۆکان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا بەشێکیان بە هۆی ناوەندگیرەوە لێک دەدرێت. بەشێکی تریشیان بە بێ ناوەندگیر لێک دەدرێن. ئەوانیش (ە ، و ، بە ، ەو ، او ، ان ، لە ، بۆ ، بێ ، ەن ، نە ، نا ، تا).

(برزو ، محمد ، 2017 ، 416) کەواتە بە یارمەتی گیرەکی ناوەندگر لێرەدا وشەی لێکدراو دروست دەکەن واتایەکی نوێ بە وشەکان دەبەخشن. بۆ نموونە:

1– ناوەندگری (ە)⟵(گوڵەگەنم ، ڕەشەبا ، مێرگەسۆر ، بەردەنووس ، مێوژە ڕەشە ، سەرەخۆرە).

2– ناوەندگری (و)⟵ (ڕێگاوبان ، نان ، نمەک ، چاک و خراپ ، تێکەولێکە ، هات و نەهات ، گژوگیا ، فڕوفێڵ).

3– ناوەندگری (بە) ⟵ (دەست بەکار ، پڕ بە دڵ ، دو بە دو).

4– ناوەندگری (ەو)⟵ (بانە و بان ، ڕاستە و ڕێ ، سەرەو ژێر).

5– ناوەندگری (او)⟵(دەما و دەم ، گەرما و گەرم ، یەکاو یەک).

6– ناوەندگری (ان)⟵(بەرانبەر).

7– ناوەندگری (لە)⟵(سەر لەنوێ ، چاو لەدەر ، داخ لە دڵ).

8– ناوەندگری (بۆ)⟵(کار بۆکردن).

9– ناوەندگری (ێ) ⟵(سەر بێ خێر).

10– ناوەندگری (نە) ⟵(کەس نەزان ، خوانەناس ، کۆڵنەدەر).

دروستدەکات. (محێدین ، 2013 ، 33)

ج- پاشگر suffix :-

بریتییە لەو مۆرفیمە بەندانەی کە دەچنە سەر بناغە و وشەیەکی نوێی لێ دروست دەکەن. چالاکی هەیە لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراو دا. (محمد ئەمین ، 2023 ، 44). کەواتە بەو مۆرفیمانە دەوترێ کە بە کۆتایی بناغەی وشەوە دەلکێن، دەبێتە هۆی گۆڕینی وشە لە ڕووی فۆرم و واتا.

جۆرەکانی پاشگر لە ڕووی داڕشتنەوە :

1- ئەو پاشگرانەی بۆ بچووککردنەوە بەکاردێت. (پلە ،ۆکە ، ۆچکە ، ولکە ، وولە ، ۆلە ، ەک ، ۆلکە ، ۆڵ .......هتد).

(ڕەسوڵ ، 2023 ، 75). بۆ نموونە:-

پلە ⟵ (ئەنگوستیلە ، خریلە ، کاریلە).

ۆکە ⟵ (جنۆکە ،......هتد).

ۆچکە ⟵ (داپیرۆچکە).

ولکە ⟵ (داسولکە).

وولە ⟵ (مێشوولە).

ۆلە ⟵ (بەرخۆلە).

ەک ⟵ (هێلەک).

ۆلکە ⟵ (گردۆلکە).

ۆڵ ⟵ (ناسکۆڵ).

کە لە ⟵ (ڕەشکەلە).

2- بە شێوەیەکی گشتی شوێن و جێگەی نیشان دەدەن ئەوانیش (گا، گا ، ستان خانە ،ڵان ،ەڵان،زار). (مارف ، 2014 ، 127)

ستان ⟵ کوردستان ، هیندستان ...........هتد

دان ⟵ منداڵدان ، گوڵدان ...............هتد

گە / گا ⟵ کارگە ، خوێندنگا ، پارێزگا ..........هتد

ەڵان ⟵ بەردەڵان ، گەندەڵان ، .........هتد

خانە ⟵ نەخۆشخانە.

ەوەر ⟵شوێنەوار.

ستان ⟵کوردستان ، هیندستان ...........هتد

دان ⟵ منداڵدان ، گوڵدان ...............هتد

گە / گا ⟵ کارگە ، خوێندنگا ، پارێزگا ..........هتد

ەڵان ⟵ بەردەڵان ، گەندەڵان ، .........هتد

خانە ⟵ نەخۆشخانە.

ەوەر ⟵ شوێنەوار

3- پاشگری ناوی چاوگی:-

ئەم پاشگرانە تایبەت بە دارشتنی ناوی چاوگی بە زۆری لە ڕەگ و قەدی چاوگەوە ناوی چاوگ دروست دەکەن. وەک (اک ، ناک ، ار ، ە ، ش ، شت ، ست ، ەوە).

اک ⟵خۆراک ، ڕووناک (هاوەڵناو + اک).

ناک ⟵ لە ڕەگەوە : ترسناک ، غەمناک. بۆتە ئاوەڵناو.

ار ⟵ لە قەدەوە : کوشتار ، کردار ، دیدار ، پرسیار.

لە ڕەگەوە : دیار (دی + ار). گرفتار ، دزیار.

لە ناوەوە : بنار ، دەبێتە ناوی شوێن.

ە : لە ڕەگی چاوگەوە : پرسە ، دزە ، گریە ، نرکە ، کۆکە ، ژمارە.

ش : کۆشش ، سازش ، ئاسایش ، بەهۆی دەنگ سازی دەبێتە (یش).

ست : لە ڕەگەوە (زانست ، توانست ، بڕست ، شکست ، بەهۆی گۆڕانی دەنگی.

شت : دڕشت ، بڕشت ، خورشت.

**ەوە : کردەوە.**

**(شوانی ، 2011 ، 84 + 83).**

**4– ئەو پاشگرانەی واتای خواردەمەنی و گۆڕانی دۆخ یان ئامادەکردنی دەگەیەنێ.**

**(ێنە ، ینە ، وا ، ەوا ، ەمەنی). (محمدامین ، 2023 ، 48). بۆ نموونە:–**

**ێنە ←—— (زەردێنە).**

**ینە ←—— (دۆینە).**

**وا / ەوا ←—— (دۆغەوا).**

**ەمەنی ←—— (ساردەمەنی).**

**5– پاشگری ناوی بکەری :–**

**ئەم جۆرە پاشگەرانە لەناو ڕەگی چاوگە ناو دروست دەکات وەک : (ەر ، یار ، ندە ، وو / و ، ا ، وەر ، گەر ، ۆک ، نۆک ، باز) دەگرێتەوە. (شوانی ،2011 ، 84) ، بۆ نموونە:–**

**ەر ←—— (خوێنەر).**

**یار ←—— (سۆزیار).**

**ندە ←—— (باڵندە).**

**ا ←—— (زانا).**

**وەر ←—— (سەروەر).**

**گەر ←—— (ئاسنگەر).**

**ۆک ←—— (لەرزۆک).**

**باز ←—— (کۆترباز).**

6– پاشگری ناوی واتایی :–

پاشگری (ی) ، (ەتی ، ئێتی ، ایەتی ، ێنی) ناوی مەعنەوی دروستدەکەن. ئەم جۆرە ناوانەش مانای تەجرید (ئەبستراکت) دەبەخشن و واتای نەوعیەت و خاسیەت ، بار و جۆری چالاکیان تێدایە. (مارف ، 2014 ، 125) ، بۆ نموونە:–

ی ——— > (جوانی ، بەرزی).

ەتی ——— > (خۆشناوەتی).

ێتی ——— > (گەنجێتی).

ایەتی ——— > (خوشکایەتی ، دایکایەتی).

ێنی ——— > (کوڕێنی).

7– ئەو پاشگرانەی واتای ناوی کردە و ئامێر و ئامراز:–

وەکو (ین ، نگ ، ەک ، ینگ ، ە ، لە ، ب ، ۆک ، لا ، اڵ). (شوانی ، 2011 ، 83 – 82).

نگ ——— > (بێژنگ).

ەک ——— > (بەستەک)

ینگ ——— > (قوڵینگ).

ە ——— > (دەسرازە ——— > ناو + راز + ە).

لە ——— > (تەقیلە).

2– لە ڕووی واتاوە:–

1– گیرەکی واتادار:

مۆرفیمی وشە داڕێژ ئەو مۆرفیمانەن کە کارکردنیان لە چوارچێوەی یەکی واتای فەرهەنگیدا دەبێت. واتا واتای نوێ بەرهەم دێنێت و (کاتی گۆری ڕێنمایی – یان کەرستەی ڕێزمانی وەک : ناو ، ئاوەڵناو ، ڕاناو ، ئاوەڵکردار). (حەمەد ، 2013 ، 50). واتا ئەم جۆرە مۆرفیمانە وشەکان دەگۆڕن و وشەی نوێی لێ دروست دەکرێت. ئەرکی ئەو مۆرفیمانە لە ئاستی وشەسازیدایە و لە فەرهەنگسازیدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.

2– گیرەکی بێ واتا:

مۆرفیمی وشەگۆڕ، ئەو مۆرفیمانە بە تەنیا ناتوانن دەرکەون و بەندن بە چواردەوریانەوە و واتای سەربەخۆیان نییە. بەڵکو لە چوارچێوەی ڕستەدا ئەرکی ڕێزمانی هەیە. زۆر جار کۆتایی ڕستە دادەخەن. (حەمەد ، 2013 ، 51). ئەم جۆرە مۆرفیمە واتایان نییە تەنیا ئەرکیان هەیە و کاتێک کە دەچنە سەر وشە واتای وشەکان ناگۆڕن. وە هەمان واتا بنچینەییەکەی وشەکە لە فەرهەنگدا هەیە ناگۆڕێ. بەڵام واتایەکی ڕێزمانی دەخرێتە سەر کە دۆخێکی تازەی پێ دەبەخشێت.

## (بەشی دووەم)

## " هێمن موکریانی "

ئەوڕۆکە هەر کەس لە ئەدەبی کوردی شارەزا بێ ناوی هێمنی بیستووە و شێعرەکانی خوێندووەتەوە. وە بێگومان دەزانین کە هێمن یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی کوردی سەردەمی ئێمەیە. بەڵام شاعیر هێمن هەر لە سەرەتاوە لە چوارچێوەی ئەدیبو و نووسەران دەرچووە. لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاوبۆتەوە و هەر لە سەرەتاشەوە لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر کاریگەری هەبووە، ئەوانی بەرەو خەبات لە پێناوی ڕزگاریی گەلی کورددا هان داوە. هێمن لە سەرەتاوە شاعیری گەلە و هەر بە شاعیری گەلیش ماوەتەوە. (زراری ، 2012 ، 9). ناڵەی جودایی یەکێکە لە ناسراوترین بەرهەمەکانی هێمن موکریانی کە گرینگیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتی پەیدا کردووە.

دیوانی ناڵەی جودایی:

1– پێشگر لە (ناڵەی جودایی) ـدا :

| گیرەکی پێشگر | جۆری گیرەک | نموونە |
|---|---|---|
| ڕا | دارشتن | ڕاسپارد / ڕاگەیاند |
| بـ | ڕێزمانی | ببینم |
| نە | ڕێزمانی | نەهات / نەکرا |
| هەڵ | دارشتن | هەڵبژاردە / هەڵدێر |
| بێ | دارشتن | بێ خەم / بێ کەس |
| دەر | دارشتن | دەرمان / دەرکرا |
| دا | دارشتن | داهات / دانەخرا / داپیر |
| لە | دارشتن | لەبار |
| پێ | دارشتن | پێکەنین |
| ڕێ | دارشتن | ڕێبوار |
| نە | ڕێزمانی | نەخوارد |
| بە | دارشتن | بەبار |
| پێ | دارشتن | پێخەف |
| نا | ڕێزمانی | ناکەم |
| تێ | دارشتن | تێدەکۆشم |
| بێ | دارشتن | بێ هێز |

| | | |
|---|---|---|
| بەر | داڕشتن | بەرهەڵست |
| بە | داڕشتن | بەناز / بەتاڵ / بەهەشت |
| لێ | داڕشتن | لێ بڕا |

2– ناوگر لە (ناڵەی جودایی) دا :

| گیرەکی ناوەندگر | جۆری گیرەک | نموونە |
|---|---|---|
| ە | داڕشتن | مانگە شەو |
| و | داڕشتن | شان و پیل |
| ە | داڕشتن | شەرابە تاڵ |
| و | داڕشتن | تیروتانە |
| و | داڕشتن | دەور و پشت |
| و | داڕشتن | لێرە و لەوێ |
| و | داڕشتن | جاروبار |
| بە | داڕشتن | دەر بە دەر / دوور بە دوور |
| و | داڕشتن | دەرد و کەسەر |
| و | داڕشتن | زێڕ و زیو |
| و | داڕشتن | مەرد و ڕەند |
| و | داڕشتن | قیتو پۆز |
| ە | داڕشتن | ناڵە ناڵ |
| لە | داڕشتن | بەرد لە بەرد |
| ە | داڕشتن | نارەنار |
| ە | داڕشتن | گەرمە شین |
| و | داڕشتن | کێو شاخ |
| و | داڕشتن | هەوراز و نشێو |
| و | داڕشتن | باخ و مێرگ |
| ان | داڕشتن | سەرانسەر |
| ە | داڕشتن | لۆژە لۆژ |
| ە | داڕشتن | زیرە زیر / قرمە قرم |
| بە | داڕشتن | گوڵبە دەم |
| او | داڕشتن | پڕاوپڕ |

3– پاشگر لە (ناڵەی جودایی) دا :

| گیرەکی پاشگر | جۆری گیرەک | نموونە |
| --- | --- | --- |
| ە | دارشتن | بەرزە / دەستە / بەندە |
| ۆک | دارشتن | چەپۆک |
| ان | دارشتن | ویران |
| دار | دارشتن | بریندار / زۆردار |
| ان | ڕێزمانی | عەزیزان / کچان |
| گار | دارشتن | ڕۆژگار |
| ێک | ڕێزمانی | کەسێک / کیژێک / جوانێک |
| ۆڵە | دارشتن | پەنجۆڵە / مەمکۆڵە |
| ەر | دارشتن | لەنگەر |
| ەتی | دارشتن | پیاوەتی |
| ی | دارشتن | جوانی |
| تر | ڕێزمانی | فراوانتر / جوانتر |
| ین | دارشتن | چنین / ڕنین |
| ێک | ڕێزمانی | دەنگێک / شیوەنێک |
| ان | ڕێزمانی | دوژمنان |
| ن | دارشتن | چڵکن |
| مەند | دارشتن | دەوڵەمەند / هونەرمەند |
| ەکە | ڕێزمانی | جوانەکەم |
| ا | دارشتن | توانا |
| ستان | دارشتن | بێستان / کوردستان |
| باز | دارشتن | سەرباز / قەڵەمباز |
| ان | دارشتن | باران |
| دار | دارشتن | دڵدار / سەردار / نازدار |
| ەوار | دارشتن | شوێنەوار |
| ۆک | دارشتن | لەرزۆک |
| اک | دارشتن | ڕووناک |
| گە | دارشتن | کارگە / ژوانگە |
| گا | دارشتن | جێگا |
| انە | دارشتن | دیوانە |
| یلکە | دارشتن | ئاویلکە / چاویلکە |
| خانە | دارشتن | بەندینخانە / مەیخانە |
| ایەتی | دارشتن | مەردایەتی |

| | | |
|---|---|---|
| کار | داڕشتن | کرێکار |
| وان | داڕشتن | گاوان |
| ۆڵ | داڕشتن | زەندۆڵ |
| کەر | داڕشتن | سواڵکەر |

4- گیرەکە واتادارەکان لە (ناڵەی جودایی ) دا :

| گیرەکی پێشگر | نموونە |
|---|---|
| ڕا | ڕاوەستا / ڕاگەیاند |
| هەڵ | هەڵدێر / هەڵبژارد |
| بێ | بێ کەس / بێ خەم |
| دەر | دەرمان / دەرکرا |
| دا | داهات / دانەخرا |
| لە | لەبار |
| ەتی | پیاوەتی |
| پێ | پێکەنین / پێخەف |
| ڕێ | ڕێبوار |
| بە | بەبار |
| لێ | لێ برا |
| بە | بەتاڵ |

5– گیرەکە بێ واتاکان لە (ناڵەی جودایی) دا :

| گیرەکی پێشگر | نموونە |
|---|---|
| بـ | ببینم |
| نە | نەهات / نەکرا |
| نە | نەخوارد |
| نا | ناکەم |
| **گیرەکی پاشگر** | **نموونە** |
| ان | دوژمنان |
| ێک | دەنگێک / کیژێک |
| ەکە | جوانەکەم |
| ۆک | چەپۆک |
| تر | فراوانتر |

## ئەنجام :

لە کۆی ئەم باسەدا گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە ژمارەیەکی زۆر وشە لە زمانی کوردی بەبێ بوونی گیرەک نایەن و هیچ واتایەکیان نییە. وە لە ڕووی ڕێزمانیشەوە هەڵەیە. هاتنیان لەگەڵ گیرەکەکان واتای تەواو دەبەخشن. گەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە گیرەک بەشێکی گرنگە لە دیوانی (ناڵەی جودایی) مامۆستا (هێمن) ی شاعیردا کە بە شێوەیەکی بەرچاو گیرەکەکان دەردەکەون. گیرەکەکانیش لەم دیوانە پێکدێن لەمانە :

1– گیرەکی پێشگر : لە دیوانی (ناڵەی جودایی) ژمارەیەکی باشی تیادا دەرکەوتووە و دیارترینیان گیرەکەکانی ( ڕا ، هەڵـ ، دا ، بە ، پێ ).

2– ناوەندگر : ناوەندگر لە دیوانی (ناڵەی جودایی) ژمارەیەکی زۆر کەمیان تیادا بەکارهاتووە، ئەوانە کە بەکارهاتوون ( ە ، و ).

3– گیرەکی پاشگرلە دیوانی (ناڵەی جودایی) زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانیان هەبووە. ئەوانەی کە بەکارهاتوون ( ە ، دار ، ان ، ی ، مەند ، گە ).

**لیستی سەرچاوەکان :-**

1- شوانی ، ڕەفیق محمد ، 2011 ، وشەسازی زمانی کوردی(لێکۆڵینەوەی پراکتیکی) ، هەولێر.

2- مارف ، ئەوڕەحمان حاجی ، 2014 ، ڕێزمانی کوردی ، بەغدا.

3- شوانی ، ڕەفیق محمد ، 2001 ، چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمانی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

4- محمد ، حاتم ولیا ، 2019 ، مۆرفۆلۆجیی، چاپی یەکەم.

5- حەمەد مەلازادەیی ، یارا قادر ، 2013 ، مۆرفۆ سینتاکس لە شێوەزاری کۆیدا ، چاپخانەی کەمال.

6- برزو ، ئومێد برزان محمد ، شادان حمد ئەمین ، 2017 ، مۆرفیمە هاوبێژ و فرە واتاکان لە زمانی کوردی (شێوەزاری ئاخاوتنی گەرمیان وەک نموونە) گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.

7- محەمەد ، شادان حمە ئەمین ، 2016 ، پەیوەندییە واتاییەکانی ناو مۆرفیمە بەندەکان لە زمانی کوردیدا.

8- محمد امین ، سروە جعفر ، 2023 ، کۆتکردنی چالاکی گیرەک لە داڕشتنی وشەی زمانی کوردیدا.

9- ڕەسوڵ ، عەبدوڵڵا حوسێن ، 2023 ، وشەسازی کوردی ، هەولێر.

10- محێددین ، بازیان یونس ، 2013 ، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، چاپخانەی موکریانی (هەولێر).

11- حمد ، سۆران عبدالرحمن عبدالله ، خالد علی ، 2017 ، بەراوردکردنی ڕێگاکانی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی و ئینگلیزی ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ،ژمارە (13).

12- مارف ، ئەوڕەحمانی حاجی ، 2004 ، فەرهەنگی زاراوەی زماننـاسی ، سلێمانی.

13- عمر فاضل ، 2005 ، گیرەکێن زمانێ کوردی.

14- زراری ، وریا ، 2012 ، دیوانی هێمن ، کوردستانی ئازاد.